# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## باڵندەی هەنگوین پێشاندەر

Skrevet av: Zulu folktale
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0/deed.no

# باڵندەی هەنگوین پێشاندەر

✎ Zulu folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 4

(uten bilder)

ئەم چیرۆکە باس لە نگیدە، باڵندەیەك دەكات كە شوێنی مێش هەنگوینەکان پێ دەزانێ و هەروەها باس لە پیاویکی چاوچنۆك دەکات بە ناوی گینگیلە. جارێکیان کە گینگیلە چووبووە دەرەوە بۆ ڕاو کردن، گوێی لە دەنگی نیگیدە بوو. گینگیلە ئاوی لە زاری دەتکا کاتێ بیری لە هەنگوین دەکردەوە. ئەو ڕاوەستا و بە سرنجەوە گوێی ڕاگرت و ئەوەندە گەڕا تا ئاخرەکەی نگیدەی دۆزییەوە کە لە سەر دارێک بوو. جیك – جیك- جیك- گەڵاکان بەهۆی جوڵەی باڵندەکەوە دەلەرینەوە، کاتێك لەسەر ئەم درەخت بۆ سەر ئەو درەخت دەفڕی. ئەو هەر جیك- جیك- جیکی دەکرد و هەموو جارێك ڕادەوەستا بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە کە گینگیلە بە دوایدا دێت.

دوای نیو کاتژمێر، ئەوان گەیشتنە لای درەختێکی هەنجیری کێوی.
نیگیدە زۆر سەرشێتانە لەسەر لقی درەختەکان دەفڕی. دواتر لە سەر
لقی درەختێك گیرسایەوە و سەری بۆ لای گینگیلە سوڕاند و وەك
ئەوەی پێی بڵێ: “ئەوەتا! ئێستا وەرە ئێرە! بۆچی ئەوەندە چاوەڕێ
دەکەی؟” گینگیلە هیچ مێشهەنگوینێکی لە خوارەوەی درەختەکە
نەبینی، بەڵام باوەڕی بە نیگیدە کردبوو.

لەبەر ئەوە، گینگیلە نێزەکەی لە خوارەوەی درەختەکە داناو هەندێ چیلکەی وشکی کۆ کردەوە و ئاگرێکی بچووکی کردەوە. کاتێ ئاگرەکە خۆش بوو، دارێکی وشکی خستە ناو ئاگرەکە. ئەو دارە بەوە ناسراو بوو کە دووکەڵ زۆر دەکات. ئەو سەرێکی دارەکەی بە ددانی گرت و سەرەکەی دیکەشی کە ئاگری گرتبوو، دووکەڵی لێ هەڵدەستا. لە هەمان کاتدا وەسەر درەختەکە دەکەوت.

زۆر زوو دەنگی ویزەویزی مێشهەنگوینەکانی بیست. ئەوان لە ناو قوڵایی درەختەکە خەریکی هاتوچۆ بوون. کاتێ گینگیلە گەیشتە سەر شانە هەنگوینەکە، بە دارەکەی دەستی کە سەرێکی دەسووتا، شانەی مێشهەنگوینەکانی ورووژاند. مێشەکان کە زۆر تووڕە و لاسار بوون، زۆر بە خێرایی لە کونەکە دەرپەڕینە دەرەوە. ئەوان لەبەر بۆنی دووکەڵکەکە ڕایان دەکرد، بەڵام بەر لە ڕۆیشتنیان چەندین جار چزەیان لە گینگیلە هەستاند!



و لەبەر ئەوە، لەو کاتەوەی منداڵەکانی گینگیلە چیرۆکی نیگیدەیان بیستووە، زۆر ڕێز لەو باڵندەیە دەگرن. هەر کاتێ هەنگوین هەڵ دەگرنەوە، هەوڵ دەدەن زۆرترین بەشی شانە هەنگوینەکە بدەن بە باڵندەی هەنگوین پێشاندەر.

کاتێ کە مێشهەنگوینەکان چوونە دەرەوە، گینگیلە دەستی درێژ کردە ناو کونی مێشهەنگوینەکان. ئەو شانەیەکی گەورەی هەنگوین کە شیلەی لێ دەتکاو پڕ بوو لە مێشهەنگوینی بچووك، هێنایە دەرێ. ئەو زۆر بە ئەسپایی شانەکەی خستە ناو توورەکەکەی سەر شانی. دواتر لە درەختەکە هاتە خوارەوە.



بەر لەوەی پڵینگەکە زیان بە گینگیلە بگەیەنێ، ئەو بە خێرای ڕای کرد و لە سەر درەختەکە هاتە خوارەوە. لەبەر ئەوەی زۆر شڵەژا بوو، دارەکەشی بزر کرد. لە کاتی هاتنە خوارەوەی لە سەر درەختەکە، زۆر خراپ کەوتە سەر زەویەکە و گووزەکی پێی لە جێ چوو. بەڵام بە هەموو توانایەوە بە شەلە شەل بۆی دەرچوو. لە بەختی باشی ئەو، پڵینگەکە زۆر خەواڵو بوو، بۆیە شوێنی نەکەوت. نیگیدە، باڵندەی هەنگوین پێشاندەر، تۆڵەی خۆی کردەوە. و گینگیلەش وانەیەکی چاکی وەرگرت.

نیگیدە زۆر بە تامەزرۆییەوە سەیری کارەکانی گینگیلەی دەکرد. ئەو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە گینگیلە بێتە خوارەوە و کەمێك هەنگوینی وەکوو پاداشت بداتێ. نیگیدە بەخێرایی لەم لق بۆ ئەو لق دەفڕی، و وردە وردە لەسەر عەرزەکە نیشتەوە. گینگیلە لە درەختەکە هاتە خوارێ. نیگیدە لەسەر بەردێکی گەورە چاوەڕێی پاداشتەکەی دەکرد.



گینگیلە بەسەر کەوت، پێی سەیر بوو کە بۆچی هیچ دەنگی وزە وزی مێشەکان نایەت. لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە، “لەوانەیە شانە هەنگوینەکە لە ناو قوڵایی قەدی درەختەکەدا بێت.” ئەو بەسەر کەوت بۆ سەر لقێکی دیکە، بەڵام لە جیاتی شانەی مێشهەنگ، دەموچاوی پڵینگێکی بینی! پڵینگەکە زۆر تووڕە بوو کە ئاوا خراپ لە خەو هەستابوو. چاوەکانی زەق کردەوە و زاری ئاوەڵە کرد و ددانە تیژەکانی دەرکەوتن.

بەڵام گینگیلە ئاگرەکەی کووژاندەوە، نێزەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵ ڕۆیشتەوە و هیچ گوێی بە نگیدە نەدا. نیگیدە بە تووڕەییەوە گوتی: “ڤیکتور ڤیکتورا!” گینگیلە ڕاوەستا و چاوی لە باڵندەکە دەکرد و پێدەکەنی: “تۆ کەمێك هەنگوینت دەوێ هاوڕێی من؟ ئەرێ! بەڵام من بۆ خۆم هەموو کارەکانم کردووە. مێشهەنگوینەکان ئەو هەمووەیان پێوە داوم. بۆ دەبێ ئەم هەنگوینە بەتامە لەگەڵ تۆدا بەش بکەم؟” دواتر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن. نیگیدە زۆر تووڕە بوو! ئەمە هەڵسوکەوتێکی باش نەبوو کە لەگەڵ نیگیدە کردی! بەڵام گینگیلە دەبێ سزای ئەم کارەی وەربگرێ.



چەند حەوتوو دواتر، ڕۆژێکیان، دووبارە گینگیلە گوێی لە دەنگی نیگیدە بووەوە. ئەو هەنگوینە بەتامەکەی بەبیر هاتەوە و جارێکی دیکە بە خۆشحاڵییەوە شوێن باڵندەکە کەوت. نیگیدە بە درێژایی دارستانەکە ڕێگەی بە گینگیلە نیشان دەدا، تا ئەوەی لە کۆتاییدا لەسەر چڵی درەختێکی گەورە نیشتەوە. گینگیلە بیری کردەوە، “ئەهها!”، “شانە هەنگوینەکە دەبێ لێرە بێ.” ئەو بە خێرایی ئاگرێکی کردەوە و سەر کەوتە سەر درەختەکە، و دارێکیشی بە ددانی گرتبوو. نیگیدەش لەسەر لقی درەختەکە هەڵ نیشتبوو و سەیری دەکرد.